# کۆنفرانسێك بۆ تەشویقکردنی خوێندنەوە



**کاوە محەمەد**

جیاوازیی مەترسیداری نێوان ئێمەو خۆرئاوای پێشکەوتوو، لەکارگەکانی بەرهەمهێنانی کۆمپیوتەر یان لەئاژانسەکانی بۆشایی ئاسمانی وەك (ناسا)، یان لەتاقیگەکانی مایکرۆبایۆلۆجی‌و دۆزینەوە سەرسوڕهێنەرەکانیان-ەوە دەستپێناکات، بەڵکو لەو ئامارانەوە دەستپێدەکات کە دەریدەخەن: هەر تاکێکی خۆرهەڵاتی لەساڵێکدا تێکڕا لەچەند لاپەڕەیەك زیاتر ناخوێنێتەوە، کەچی لەبەرامبەردا هەر تاکێکی خۆرئاوایی لەساڵێکدا دەیان کتێب دەخوێنێتەوە. پارادۆکسی گەورەش لەوەدایە کە ئەوان لەوپەڕی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیادا هێشتا بەو ئاستەی خوێندنەوە رازی نین‌و کار بۆ بەرزکردنەوەی دەکەن‌و بەردەوام عەودالّی داهێنانی میکانیزم‌و رێوشوێنی تازەن کە خوێندنەوەیان لا تەشویق‌و خۆشەویستتر بکات، کەچی لای ئێمەی خۆرهەڵاتی ئەو پێشکەوتنە تەکنۆلۆجیایە بە پاساو بۆ نزمیی ئاستی خوێندنەوەمان دەهێنینەوە، کە لەئەساسدا لەسەر دەستی ئەوان ئەو پێشکەوتنە بەدیهاتووەو ئێمە تەنیا بەکاربەرێکی تەمبەڵ‌و تەوەزەلی داهێنانەکانی ئەوانین‌و بەس. چونکە ئەوان بەباشی لەنهێنیی هاوکێشەکە گەیشتوون‌و دەزانن کە خوێندنەوە دایکی پێشکەوتن‌و شۆڕشەکانی پیشەسازیی‌و تەکنۆلۆجیایەو هەر کاتێك پشت لەخوێندنەوە بکەن، ئیتر دایکی پێشکەوتنەکانیان لەمنداڵبوون دەچێتەوەو لەژنێکی نەزۆك زیاتر هیچی دیکەیان بۆ نامێنێتەوە. ئەمەش بەمانای خۆ کوشتنێکی ژیاریی دەبێت بۆیان کە هەرگیز ئامادەنین ئەو کارە شێتانەیە بکەن.

ئێمەی کورد لەنێو ئەو زەریا پان‌و پۆڕە دواکەوتووەی خۆرهەڵاتدا، چۆن دەتوانین دوورگەیەك بنیاتبنێین کە تێیدا بنەماو کەرەستەکانی پێشکەوتن دەستەبەر بکرێن‌و هەنگاو رووەو کەمکردنەوەی رێژەیەك لەو جیاوازییە گەورەیە بنێین کە لەنێوان ئێمەو دنیای پێشکەوتوودا هەیە؟ ئەمە پرسیارە جەوهەریەکەیە کە دەبێ هەموو تاك‌و گروپێکی کۆمەڵی کوردەواری بەدوای وەڵامەکەیدا بگەڕێین‌و هیچ گرێ‌و بەربەستێك ساردمان نەکاتەوە. چونکە گەیشتن بەو وەڵامە، گەیشتنە بە کلیلی دەرگا داخراوە ئەزەلییەکەی خۆرهەڵات‌و سەرەتایەکە بۆ شکاندنی تەلیسمی ئەو وتەزایەی دەڵێ:(خۆرهەڵات هەر خۆرهەڵاتەو خۆرئاواش هەر خۆرئاوا). رەنگە ئەمەش بۆ ئێمەی کورد خەونێکی زۆر دوورەدەست بێت، بەڵام بێگومان بێ ئەو خەوبینینە هیچ کۆمەڵگایەك ناتوانێ رێگا راستەکەی خۆی بدۆزێتەوەو ئاسۆیەك بۆ دوارۆژ بەدیبکات.

لێرەوە دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو سەرەتا جەوهەرییەی کە ئێمەی لەبیری تاریکی‌و دەستەپاچەیی و چەقبەستن ئاخنیوەو ئەوانیشی لەسەر لوتکەکانی زانست‌و مەعریفەو پێشکەوتن راگرتووە، ئەویش سەرەتای جیاوازییەکانمانەو بریتییە لەکلتووری خوێندنەوە کە لەخۆرئاوا لەئاستێکی بەرزدایەو بەردەوامیش کار بۆ قووڵترکردنەوەی دەکرێ، کەچی بەداخەوە لای ئێمە لەخانەی نەبووندایەو هیچ بەرنامەو پرۆژەیەکی جددیش بەدیناکرێ کە هەنگاوێك لەبنیاتنانی ئەو کلتوورە ژیارییە بچینە پێش‌و خوێندنەوە بکەینە بەشێکی دانەبڕاو لەژیانی رۆژانەمان، بۆئەوەی ئیتر هەر لە باخچەی ساوایان‌و قۆناغی بنەڕەتیی خوێندن-ەوە تا ئاستەکانی خوێندنی باڵا، خوێندنەوە لای تاکەکانی کۆمەڵگا خۆشەویست‌و تەشویق بکەین، نەك وەك ئێستا خوێندن‌و خوێندنەوە ببێتە ئەرکێکی ناچاریی‌و تەنیا وەك ئامرازێك بۆ بەدەستهێنانی نمرەی دەرچوون لەتاقیکرنەوەکان لێی بڕوانین، بەڵکو پێویستە بیکەینە خۆراکێك بۆ بووژاندنەوەی مێشك‌و دەرچوون لەتاقیکردنەوە چارەنووسسازەکەی ژیان، کە لەسایەیدا خۆمان‌و نەوەکانمان بحەسێنەوەو ئایندەسازییەکی دروست بۆ وڵاتەکەمان فەراهەم بکەین. ئەو کاتەش دەتوانین بەو سەرەتایە دڵخۆش بین کە بینیمان کتێبخانە لەماڵەکانماندا وەك پێداویستییەکی سەرەکی جێی خۆی دەگرێ‌و کتێبخانە گشتییەکانی شارو ئاواییەکانمان جمەیان دێت لەخوێنەران‌و لەکاتی ئیسراحەت‌و دەستبەتاڵیماندا کاتێکی بەرچاو بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکەین.

بێگومان ئەمەش بەپرۆژەی جددی دەکرێ کە هەم دەسەڵات‌و هەم میدیاو هەم رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنیی هاوئاهەنگ بن‌و سوود لەعەقڵ‌و توانا خۆرئاواییەکان‌و ئەزموونەکانیان وەربگیرێ، بۆئەوەی لانیکەم وەك هەنگاوێکی سەرەتایی لەسەر نەخشەرێگایەك رێکبکەوین‌و شوێن پێی خۆمان بەئاراستە دروستەکە بدۆزینەوە، رەنگە باشترین میکانیزمیش بۆ ئەوە رێکخستنی کۆنفرانسێکی سەرانسەریی هەرێم بێت کە ئەو خەمە گەورەیە لەئەستۆ بگرێ‌و هەموومان بخاتە ناو بازنەی گەڕانی جددی بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارە جەوهەرییەی پێشتر کردمان. بەو ئومێدەی ئەم پێشنیازە گوێ لێگراو بێت‌و جێگەی خۆی بگرێ.

# وەرگێڕان‌و کتێبخانەی کوردی

**دلێر میرزا**

گومان لەوەدا نییە، ئەگەر لە نێوان خۆمان‌و نەتەوەو گەلانی دەرو دراوسێماندا، لە رووی نووسین‌و وەرگێڕانی کتێب لە گشت بوارەکاندا بەراوردێك بکەین، مەخابن ئێمە لە گشت ئەو نەتەوەوگەلانە هەژارترین‌و ئەوەی زیاتر جێی داخە ئەوەیە، ئێمە زیاتر لە هەموو ئەو نەتەوەو گەلانە پێویستمان بە کتێبە، چونکە کتێبخانەی کوردی بە بەراورد لەگەڵ کتێبخانەی عەرەبی‌و فارسی‌و تورکیدا، گەلێ لە دواوەیە، بۆیە دەبێ ئێمە زیاتر لەوان بایەخ بەبواری وەرگێڕان بدەین، بە تایبەتی وەرگێڕانی ئەو کتێبانەی بە سەرچاوە دادەنرێن لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. لەگەڵ ئەوەدا کە گەلانی دەرودراوسێمان گەلێ لە پێش ئێمەوە دەستیانداوەتە نووسین‌و کاری وەرگێڕان‌و کتێبخانەکانیان گەلێ لە کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەندترن، کەچی دەبینین هێشتا ئەوان زیاتر لە ئێمە بایەخ بە وەرگێڕان دەدەن، وەکو ئەوەی ئێمە نەك هەر لە رووی نووسینەوە لە دواوە نەبین، بەڵکە لە هەمان کاتدا لە کاری وەرگێڕانیشدا بێ نیازبین. نموونەی نزیك‌و زیندوو بۆ سەلماندنی ئەم مەبەستە فارسەکانە کە وێڕای ئەوەی فەرهەنگێکی چەند هەزار ساڵەیان هەیەو لە زۆربەی بوارەکاندا کەڵە نووسەریان هەیە لە سەر ئاستی جیهان، کەچی ئەمڕۆ گرنگییەکی تەواویان داوە بە وەرگێڕان لە گشت زمانە زیندووەکانی جیهان‌و لە هەموو بوارەکاندا، هەر لە ئەدەبەوە بیگرە تا دەگاتە بوارە زانستییەکان‌و فیکرو فەلسەفە، بە تیراژی زۆرو کتێبی وەها هەیە لە ماوەی چەند ساڵێکدا، چەندین جار لەچاپ دەدرێتەوە، دیارە ئەو کتێبانە خوێنەری خۆیانیان هەیە.

ئەگەرچی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەکو پێویست بایەخ بەو بوارە نادات، خەڵکیش ئەوەندەی بایەخ بە شتی لاوەکیی وەکو بەسەربردنی کات لە شتی لابەلاو بەفیڕۆدانی کات لە بوارە بێ سوودەکاندا دەدەن، نیو ئەوەندە بایەخ بە بواری خوێندنەوە نادەن‌و مەخابن زۆربەی ئەو گەنجانەیش کە بایەخ بە خوێندنەوە دەدەن، بەمەبەستی نمرەو وەرگرتنی بڕوانامەیەو لە تەمەنێکی دیاریکراودا ئەو کارە ئەنجام دەدەن و دوای ئەوە پشتی تێدەکەن، وەکو ئەوەی چیتر پێویستیان بە خوێندنەوە نەبێت‌و زۆربەیان بە مەبەستی گەشەپێدانی ئەوەزو هزرو ئاستی رۆشنبیریی گشتی روو لە خوێندنەوە ناکەن.

ئەگەرچی نەبوونی خوێنەر شتێکی خۆیەتییەو مرۆڤ خۆی بەرپرسی یەکەمە لەو رووەوە، بەڵام حکومەتیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کەمتەرخەمە کە بە بەرنامەڕێژیی زانستییانەو راست‌و دروست‌و ئەنجامدانی کۆمەڵێ کاری خزمەتگوزاری بۆ گەنجان بە تایبەتی- بۆ نموونە دۆزینەوەی کار بۆ گەنجان‌و دەرکردنیان لەو بازنە داخراوەی کە هەموو توانست‌و وزەیەکی گەنجان خەفە دەکات - دەتوانێت بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ زەمینە بۆ خوێندنەوە برەخسێنێت‌و هانی خوێندنەوەی زیاتر بدات‌و پەرە بە ئاستی رۆشنبیری‌و ژمارەی خوێنەران بدات. جگە لەوەی تا ئێستا حکومەت رۆڵی نەبووە لەوەی کاری وەرگێڕان بکات بە کارێکی سەرەکیی وەرگێڕەکان‌و کارێکی ئەوتۆ بکات ئەو کارە زانستی‌و هونەرییە بکات بە پیشەی سەرەکیی وەرگێڕەکان، نەك ئەوەی هەر وەرگێڕێك وەکو کارێکی لاوەکی هەندێ لە کاتی خۆی بۆ ئەو کارە مەزنە تەرخان بکات‌و بە هۆی بارگرانی بژێوی ژیان، وەرگێڕ نەتوانێت بە تەواوی خۆی بۆ ئەو کارە تەرخان بکات.




دیارە نەبوونی کتێب‌و نەبوونی خوێنەر لە ناو ئێمەی کورددا، هۆکاری زۆری هەیە، بەلای منەوە گرنگترینیان هۆکاری سیاسییە کە ئەویش رەگوڕیشەی مێژوویی هەیە کە ئەم نەتەوە مەینەتبارە بە درێژایی مێژووی کۆن‌و نوێ ژێردەستەی نەتەوە دراوسێکانی بووەو کەمتر زەمینە بۆ نووسەران‌و رۆشنبیران و زانایانی ئەم نەتەوەیە رەخساوە، لە بواری نووسینی‌و وەرگێڕاندا ئەسپی خۆیان تاو بدەن‌و لەم رێگەیەوە کە ئاسۆ لە بەردەم گشت بوارەکانی ژیاندا ئاوەڵا دەکات، خزمەت بە نەتەوەکەیان‌و بە مرۆڤایەتی بکەن.

ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا و بە هۆی ئەو بارودۆخە تایبەتەوە کە کوردستانی عیراقی گرتۆتەوە، هەنگاوی باش نراوە بەتایبەتی لە بواری وەرگێڕاندا، کەچی کەموکورتی زۆریشی پێوە دیارە، بە هۆی زۆروبۆریی ئەو دامودەزگایانەی سەرقاڵی ئەو کارەن کە زۆربەیان خاوەنی فیلتەری ئەوتۆنین - دیارە مەبەستم سانسۆر نییە - کە وەرگێڕانی ناپەسەندو ناڕەوان لە رووی زمانەوانی‌و لە رووی وەرگێڕانەوە پیایاندا رەتدەبێت کە پێویستە کەسی وەرگێڕ لە رێزمان‌و لە ئەدەبی هەردوو زمانەکەدا شارەزایی باشی هەبێت.

هەروەها نەبوونی کۆڕێکی زانیاریی چالاك‌و گشتگیرو دوور لە نۆڕینی سیاسییەوە، بتوانێت گشت ئەو دامودەزگایانە بە پشتێنەیەکی زانستی‌و ئەکادیمیانە، لە رووی زمانەوانییەوە پێکەوە ببەستێتەوەو نەبوونی پێوەندیی تۆکمە لە نێوانیاندا بۆ داڕشتنی بەرنامەیەك بە مەبەستی بایەخدان بە گشت بوارە زانستی‌و ئەدەبی‌و هونەرییەکان بە شێوەیەکی رێژەیی‌و رەچاوکردنی لەپێشەوەدانانی ئەو بوارو کتێبانەی ئەمڕۆ کتێبخانەی کوردی زیاتر پێویستی پێیان هەیە، ئەمەو سەرەڕای ئەوەی هەندێ لەو کتێبانە دەکەونە بازاڕەوە بێ ئەوەی هیچ جۆرە فلتەرێکی ئەوتۆیان بینیبێت. کە زۆرجار زیانیان لە قازانجیان زیاتر دەبێت، بەتایبەتی کتێبە فیکری و فەلسەفییەکان، چونکە کاری وەرگێڕان زانست‌و هونەرە پێکەوە.

## کتێبەکانی کتێبخانەکەم

**د. فەرهاد پیربال**

# سۆزانییە بەڕێزەکە



سارتەر

ژان- پۆڵ سارتر(١٩٠٥-١٩٨٠) نووسەری شانۆنامەی(سۆزانییە بەڕێزەکە) بەر لەجەنگی جیهانیی یەکەمەوە تا کۆتایی ساڵانی حەفتاکانیش بەردەوام هەستی دەکرد بەرپرسی هەموو ئافات‌و جەنگ‌و برسێتی‌و بەدبەختییەکی مرۆڤە.. خۆی لە هەموو نەهامەتییەك کە بەسەر کۆمەڵدا دەهات هەڵدەقورتاند..رووبەڕووی هەموو زوڵمێك دەبۆوە کە لە مرۆڤ دەکرا، دەستەویەخەی هەموو غەدرێك لەم جیهانەدا دەبۆوە.

شانۆنامەی(سۆزانییە بەڕێزەکە) یەکەمین شانۆنامەی سارتربوو کە من خوێندمەوە، کە بێگومان تنۆکێك بوو لە زەریای نووسراوەکانی ئەم فەیلەسووفە.

لە شانۆنامەی ناوبراودا نووسەر کامێرای دیدی خۆی دەخاتە سەر وڵاتی ئەمریکا، دەمانباتە ناو شارێکی بچکۆلەی باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا: بزانن لەوێ چ خەبەرە، مرۆڤ لەوێ چۆن دەژیت؛ ژیان لەوێ چ بەهایەك، ئازادی چ مانەیەك، دەوڵەت چ دەسەڵاتێکی هەیە.. دەیان پرسیاری دیکەی پەیوەندیدار بە مرۆڤ کە نووسەر جەسارەت دەکا بیانخاتە ڕوو وەڵامیشیان بداتەوە.

ئامانجی سارتر تەنیا ئەوەنییە تراژیدیای مرۆڤ یان تاکەکەس بەدەست کۆمەڵگەو رژێمی رەگەزپەرست یان بەدەست سیستەمی سەرمایەدارییەوە دەرببڕێت، بەڵکو دەیەوێ لە فەلسەفە تایبەتییەکەی خۆیەوە بڕوانێتە هەموو ئەم مەسەلانە: لە دیدی فەلسەفەی ئێگزیستانسیالیزمەوە(فەلسەفەی بوونگەرایی).

ئەم خاڵەی سەرەوە گرنگترین‌و دیارترین شتێکە کە من لە سارترەوە فێری بووم. بێگومان-شتێکی ئاساییە- هەر نووسەرێکی هەرزەکاری دیکەی وەك منیش دەتوانێ لەسارترەوە فێر ببێت(ئەوە فێر ببێت کە پێویستە تۆ لەدیدی خۆتەوە بنووسیت!).

زۆر لەوانەی سارتر دەناسن، پێیان وایە کە ئەم بلیمەتە لەبەر خاتری گەیاندنی فەلسەفەکەی خۆی پەنای بردۆتە بەر فۆرمی شانۆنامەو رۆمان‌و چیرۆك. ئەم قسەیە گەر راستیش بێ، هیچ لە بایەخی بەرهەمەکانی کەم ناکاتەوە، ئەمەش چونکە نەك هەر ناوبراو بەڵکو هەموو رۆماننووس‌و شانۆنامەنووسێك پێویستە فەلسەفەیەکی تایبەتی خۆی هەبێ کاتێ دەنووسێ. تەنانەت هەبوونی ئەم دیدە تاکڕەوە مەرجێکیشە بۆ نووسین.

شانۆنامە لای سارتر جێگایەکە بۆ دەربڕینی راستی: لەپێناو ئەوەی کە مرۆڤ لەوێدا بتوانێ خۆی دروست بکاتەوە، بتوانێ هەڵبژێرێت‌و بڕیار بدات‌و ئازاد بژی. لە شانۆنامەی(سۆزانییە بەڕێزەکە)دا هەمان کاری کردووە.

ژان-پۆل سارتر لە(سۆزانییە شکۆمەندەکە)و لە هەموو شانۆنامەکانی دیکەشیدا، گرێ‌و دراماو پاڵەوان‌و رووداوەکانت بەشێوەیەکی ئەوتۆ بۆ دەچنێت کە ناچارت بکا تەنیاو تەنیا لە گۆشەنیگای فەلسەفەی نووسەر خۆیەوە تەماشای ژیان‌و مرۆڤ‌و گرفتەکانیان بکەیت. واتە ژیان چۆنەو واقیع چۆنە بەشێوەیەکی فۆتۆگرافی یان رەخنەگرانە بۆت ناگێڕێتەوە، بەڵکو دیدی خۆت(لەڕێگەی چەند پاڵەوان‌و رووداوێکەوە) بۆ دەخاتە ڕوو.

(سۆزانییە بەڕێزەکە) یەکێکە لە جوانترین شانۆنامەکانی سارتر کە لەوێدا نووسەر سروشتی(دەسەڵات) بەشێوەیەکی ئەوتۆ شیتەڵ دەکاتەوە کە لەکۆتاییدا خوێنەر بتوانێ لەخۆی بپرسێ: باشە ئەم سۆزانییە لەشفرۆشە ئینسانترو بەشەرەفترە؛یان ئەو پەرلەمانتارو بۆرژواو مەسئوولانەی کە خۆیان بە نوێنەری میللەت دەزانن؟؟!